سوبحی کامل وەرزشوانی دێرینی شاری دهۆک:

# پێویستیمان بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان هەیە

**سوبحی کامل یەکێکە لە وەرزشوانە دێرینەکان کە ماوەی پتر لە ٢٥ ساڵە لە خزمەتی وەرزشی شاری دهۆکدایە، چ لە رووی کارگێڕی یان لە رووی ناوبژیوانییەوە کە هەمیشە لەنێو یاریگاکاندا دەبینرێت و خزمەت دەکات ئێستاش ئەندامی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستانە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***ئەگەر کورتییەك لە باسی ژیان و خۆ ناسینی خۆت بۆخوێنەران بکەیت؟**

- من سوبحی کامل رەئوفم لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٥ ی شاری ئاکرێ، سەرەتای ئاشنا بوونم لەگەڵ وەرزش لە قوتابخانەکان بوو لە شاری موسڵ، دواتریش ماڵمان چووە شاری بەغدا و تیپێکم هەبوو بە ناوی ئەنساری زەورا، چونکە من هاندەری یانەی زەورا بووم بۆیە ئەم ناوەم لێنابوو.

***چ ساڵێك ڕووت کردە بواری ناوبژیوانی کرد؟**

- لە سەرەتای ١٩٧٨-١٩٧٩یەکەم دامەرزاندنم لە شاری دهۆك بوو بۆیە تیپەکەم لەوێش دروست کرد بەردەوام تیپم هەبووە تا ساڵی ١٩٨٢ ڕووم لە بواری ناوبژیوانی کردو بوومە ناوبژیوانی پلە سێ و بەردەوامیش بووم لە وەرزش کردن و لە تیپە میللیەکانیش یاریی تۆپی پێم دەکرد.

***بۆچی لەگەڵ یانەی دهۆك یاریت نەکردووە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێ تەمەنی من لەگەڵ یانەکە وەکو یاریزان بۆماوەی یەك هەفتە لە یانەی دهۆك بوومە، ئەوکات (نەمد مەحمود)ڕاهێنەری یانەی دهۆك بوو، ئاستی منیش ئەو ئاستە نەبوو کە لە یانەکانی یاری بکەم، بەڵام ناوبژیوانییەکە بۆمن زۆر باش بوو، ساڵی ١٩٨٤بوومە ناوبژیوانی پلەدوو، ساڵی ١٩٨٦خولی ناوبژیوانی بۆبوونە پلە یەکەمان هەبوو خولێکی زۆر گرنگ بوو، توانیم پلەی نایاب بەدەست بهێنم و ببمە ناوبژیوانی پلە یەك، ناوبژیوانی خولی پلە یەك زۆر گرنگ بوو ئەوکات چونکە ناوبژیوان کەم بوون، دواتریش ڕووم لە کاری کارگێڕی کرد لە یانەی دهۆك،من بۆماوەی ٢٥ساڵ لەخزمەتی یانەی دهۆك بووم تا وازهێنانی من لە ساڵی ١٩٩٨لە یاری نێوان دهۆك و زەورا من وازهێنانی خۆم لە وەرزش ڕاگەیاند وەکو ناوبژیوان جەماوەرێکی یەکجار زۆر بوومن هاتبوون و هاندەران لەگەڵ من دەگریان من تەنیاناوبژیوان بووم لە دهۆك پلە یەك بووم، دکتۆر کامەرانیش ناوبژیوانی پلە دوو بووو جەمیل خدریش ناوبژیوان بوو.

***جیاوازی لە نێوان وەرزشی دوێنی و ئەمڕۆ لە چیدا دەبینیت ؟**

- ئەوکات کە ئێمە وەرزشوان بووین لەسەر گیرفانی خۆمان بووین، هەموو شتێکمان لەسەرخۆمان بوو،هێنانی یاریزان و بردن هەمووی لەسەر خۆی بوو، کەچی ئێستا هاوکاری کردنی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر گەورە پشتگیری هەیە لە هیچ شوێنێك نییە ئەم پشتگیرییە.

***ئێستا ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

-ئاستی وەرزشی یەکجار باشە لە شارەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە یانەکانمان لە خولی بژاردەی عێراقن ئەوەش بەڵگەیە بۆقسەکانم، خولی عێراق هەندێك کێشەی هەیە وەکو کێشەی دواخستن و چەند کێشەیەکی دیکە، بەڵام لەخولی کوردستان کێبڕکێی بەهێز هەیە لەنێوان تیپەکان و تائێستاش چارەنووسی تیپەکان دیار نییە.

***بە بۆچوونی تۆ کێشەی وەرزشی کوردستان لە چیدایە؟**

-پێمان خۆشە ئێمە پشت بە یاریزانانی خۆمان ببەستین، هەر چەندە پیشەگەریی هەیە ئێمە ناڵێین با یاریزان نەیێت بەڵام نەك بەم شێوەیە ئێمە پێویستمان بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان هەیە، ئەو یاریزانانەی کە لە کوردستان هەن لە هیچ شوێنێك نین و ئەگەر ئەم قوتابخانەیەش هەبێت هەتا دە ساڵی دیکە کوردستان پێویستی بە یاریزان نابێت.

*** جەنابت خەڵکی ئاکرێیت بۆچی هەوڵت نەداوە تیپێکی بەهێز بۆیانەی ئاکرێ دروست بکەیت یان خزمەتی ئەو یانەیە بکەیت؟**

- من مۆڵەتی یانەم بۆئاکرێ وەرگرت لە شاری بەغداد بە هێزو بازووی خۆم، ئەو کاتیش قسەم کرد و وتم کە بەرپرسم و کارەکەشم بەتەواوی جێبەجێ کرد، بەڵام گۆڕانکاریی ئیداری لە شاری ئاکرێ و گۆڕینی ڕاهێنەر وای لە یانەکە کرد دابەزێت بۆخولی پلە دوو. من کاریشیان بۆدەکەم و پێویستە بەرپرسانیش هاوکاریی وەرزشی شاری ئاکرێ بکەن چونکە ئاکرێ بووکی کوردستانە، گرنگی زۆر بەم شارە بدەن.

***پاش ٢٥ساڵ خزمەت کردن لە یانەی دهۆك بۆچی بڕیاری وازهێنانت دا لە یانەکە؟**

- من لە یانەکە نەڕۆیشتووم هەر لە یانەی دهۆك بەردەوامم، بەڵام پێش دووساڵ دەستم لە کار کێشایەوە لە یانەکە، هەندێك کاری ناوەرزشی رووی دا لە نێوان ئێمەو زاخۆ یاریمان هەبوو بە شێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵ وازمان هێنا، من بەردەوام لە ناو دهۆکم و بۆ هەموو یارییەکان دەچمە بەغدا و یانەی دهۆك ماڵی دووەمی ئێمەیە.

***خۆشترین و ناخۆشترین یادەوەریت لە ناوبژیوانیی لە ماوەی ڕابردوودا؟**

- خۆشترین یادەوەری ئەوە بوو کە من یاریدەدەری ناوبژیوان بووم لە یاریی نێوان زەورا و ئەمانە، عادل قەساب ناوبژیوانی یەکەم



بوو، بووە کێشـــە، من بە یاریزانێکـــم وت خولەکی نۆهەتە کەی گـــۆڵ دەبێت ئەوکاتەش زەورا گۆڵی کرد منیش تۆزیك ئاڵاکەی دەستم بەرز کردوە، عادل قەساب وتبووی سوبحی لە خۆشی زەورا چواردەوری یاریگای کردووە، ناخۆشترین یارییش لە نێوان هەولێرو سلێمانی بوو لە شاری سلێمانی، هەولێر یارییەکەی بردەوە و بووە شەڕ،ئێمەش بۆماوەیەك لە ناو یاریگا ماینەوە.

***پێشـــتر وەرزشـــوانانی دێرین مووچەیەکیان وەردەگرت دوایی بڕا ئێســـتا ڕەنگە بگەڕێتەوە، داواکاریت بـــۆ لایەنی پەیوەندیدار چییە؟**

- داواکارم کـــە وەرزشـــوانانی دێرین خزمەتیان کـــردووە، بۆیە مووچەکانیان بۆ بگەڕێتـــەوە، بەرێوەبەرایەتیی وەرزش ولاوانیش خزمەتی باشیان کردووە.

***وەرزشوانە دێرینەکانی کاتی خۆی کێ بوون لەگەڵ ئێوە؟**

-حەمید مەحمود و ڕەشید تۆفیق و شەهید لوقمان عەبدولکەریم و بـــژارو عومەر و ژمارەیەك یاریزانی کوردی بەتوانا لە شـــاری دهۆك هەبوون.

***بەرنامەت هەیە بۆپێگەیاندنی یاریزانان لە یانەی دهۆك ؟**

- من ڕاهێنەری بنکەی وەرزش ولاوانی دهۆکم ماوەی ســـێ ســـاڵەو تازەپێگەیشتووان و لاوان هەموو ســـاڵێکیش زیاتر لە ٢٠ بۆ ٣٠ یاریزان دەدەمە یانەکانی دهۆك وزێرەڤانی.

***بڕیارت نەداوە بە یەکجاری واز لە وەرزش کردن بهێنیت؟**

- ئەگەر بمرم واز دەهێنم.

*** بە چ ناوبژێوانێك سەرسامیت؟**

- ئەوەی ڕاســـتی بێت ناوبژیوانانی کوردستان هەموو ئاستیان بەرزە، بەڵام من بە کۆلینا سەرسامم.

***خولی کوردستان و عێراق کامەیان بەهێزترە؟**

- بـــەلای من کە ئەندامـــی یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتانم، خولی کوردستانم پێ باشـــترە لە گشت روویەکەوە، من لە خولی عێراقیش سەرپەرشتیارم، خولی عێراق زیاترپیشەگەرییەو یانەکانی زیاترە،بەڵام خولی کوردستانیش کێبڕکێی خولەکە دەکات

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت ؟**

-بەهیـــوای ئەوەم زیاتر گرنگیی بە وەرزشـــوانە دێرینەکان بدەن لەبەرامبەر خزمەت کردنیان، بە ئومێدی ئەوەشـــم لە جامی ئاسیا هەردوو یانەکەی کوردستان، دهۆك و هەولێر، بگەنەیاریی کۆتایی و لە کوردستان یارییەکە ئەنجام بدرێت.

# پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی وڵاتانی عەرەب لەهەولێر دەبێت

شـــاندێکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عەرەب بەمەبەستی پشکنین سەردانی شاری هەولێر دەکەن و بەڵێنی سەرەتاییش دەدەن کەپاڵەوانێتی ئەمســـاڵی وڵاتانی عەرەب لەو شـــارە بەڕێوەبچێت، ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراقیش رایدەگەیەنێـــت هەوڵەکانیـــان چڕکردوەتـــەوەو ئامانجیان میوانداریکردنی پاڵەوانێتیەکەیە.

بەســـەرۆکایەتی داود هاجەری ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی ســـەرمێزی ئیمـــارات و ئەندامێتـــی محەمـــەد مەعتوق ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی ســـەرمێزی کوەیـــت و محەمەد عەبدوڵا ئەمینداری دارایی یەکێتی تۆپی سەرمێزی قەتەر، شاندێکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عەرەب سەردانی شاری هەولێری کردو بەدەم ئەوداوایەوە هاتن کەتێیدا یەکێتی تۆپی ســـەرمێز عێراق داوای کردبوو پاڵەوانێتی ئەمساڵی تۆپی ســـەرمێزی وڵاتانی عەرەب لەشـــاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.

لەلێدوانێکییدا هەردە رەوف بارام ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی ســـەرمێزی عێراق راگەیاند بەڵێنی هاوکاری و ئاسانکاری تەواویان بەلیژنەکەی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عەرەب داوەو ئامادەیی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ســـەرجەم داواکاریەکانی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عەرەب دەربڕیوە.

ســـەرۆکی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراق وتیشی دوای بەســـەرکردنەوەی هۆڵـــەکان و هۆتێلـــەکان و هۆکارەکانی گواســـتنەوە، ئەندامانی شاندەکە بەڵێنیان پێداون پاڵەوانێتی ئەمســـاڵ لەشـــاری هەولێر بەڕێوەبچێـــت و لەکۆبونەوەی داهاتووی یەکێتی تۆپی ســـەرمێزی عەرەبیشدا ئەو بڕیارە بەرەسمی جێگیر دەکرێت.

بەپێـــی زانیاریـــەکان دوای گەڕانەوەیان شـــاندەکە راپۆرتی خۆیان پێشکەشـــی یەکێتی تۆپی ســـەرمێزی عەرەب دەکەن و لەســـەر بنەمای ئەو راپۆرتە بڕیار لەسەر بەڕێوەچـــون یاخـــود نەچونی پاڵەوانێتیەکە لەشـــاری هەولێر دەدرێت.





# گاریس بیل نازناوی باشترینی خولی ئینگلتەرای بەدەستهێنا

پێکهاتەی نموونەیی خولی ئینگلتەرا

گاریس بیل یاریزانی یانەی تۆتنهام خەڵاتی باشترین یاریزانی خولی نایابی ئینگلتەرای بۆ وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ وەرگرت، لەهەمان کاتدا گاریس بیل خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی ئەم وەرزەی وەرگرت و بووە سێیەم یاریزان لە مێژووی خولی ئینگلتەرا کە هەردوو خەڵات کۆدەکاتەوە بە پێی راپرسی یەکێتیی یاریزانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا.

گاریس بیل لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە و لەگەڵ یانەکەی ١٩ گۆڵی تۆمارکردووە، لەراپرسییەکەدا بیل بە پێش یاریزانان رۆبن ڤان پێرسی یاریزانی مانچستەر یونایتد و لویس سوارێز یاریزانی یانەی لیڤەرپول و مایکل کاریك یاریزانی مانچستەر یونایتد و هەردوو یاریزانی یانەی چێلسی ئەدین هازارد و خوان ماتا کەوت، بیل بووە سێیەم یاریزان هەردوو خەڵات بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لە دوای یاریزانان ئەندی گرای لە ساڵی ١٩٩٧ و کریستیانۆ رۆنالدۆ لە ساڵی ٢٠٠٧، هەروەها بیل بووە پێنجەم یاریزان کە دوو جار ئەم نازناوە بەدەست دەهێنێت لەدوای یاریزانان کریستیانۆ رۆنالدۆ و تیری هینری و ئالان شیرەر و مارك هیۆز .

بیل لە لێدوانێکیدا شانازی بەوەرگرتنی ئەم دوو خەڵاتەکرد و دووپاتیکردەوە کەئێستا بیری لە رۆیشتن نەکردۆتەوە بۆ یانەیەکی دیکە بەڵکو تەنها بیر لەوە دەکاتەوە چۆن یارمەتیی یانەکەی بدات لە خولی ئینگلتەرا و گەیاندنی یانەی تۆتنام بۆ خولی یانەکانی ئەوروپا لە وەرزی داهاتوو .

لەلایەکی دیکەوە یەکێتیی یاریزانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا پێکهاتەی نموونەیی ئەم وەرزەی خولی ئینگلتەرای ئاشکراکرد کەبەم شێوەیە بوو :

* گۆڵپارێز : دیڤید دی خیا (مانچستەر یونایتد)
* بەرگری : پابلۆ زابالیتا (مانچستەر سیتی)، ریۆ فردیناند (مانچستەر یونایتد)، یان ڤێرتۆنخن (تۆتنهام)، لیتۆن بینیس (ئیڤەرتۆن)
* ناوەڕاست : گاریس بیل (تۆتنهام)، خوان ماتا (چێلسی)، مایکل کاریك (مانچستەر یونایتد)، ئیدن هازارد (چێلسی)
* هێرشبەر : رۆبن ڤان پێرسی (مانچستەر یونایتد)، لویس سوارێز(لیڤەرپول)



# خافیر زانیتی: بەهێزتر دەگەڕێمەوە



دوای ئەوەی یاریزان و کاپتنی یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی خافیر زانیتی تووشی پێکانێکی سەخت هات لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی پالێرمۆ و ناچارە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەیاریگاکان دووربکەوێتەوە و نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت، یاریزانی ناوبراو بەهیوای ئەوەیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە یاریکردن و دووپاتیکردەوە کە کاروانی وەرزشی بەکۆتا نەهاتووە، زانیتی لەدوای پشکینینی پزیشکی لە لێدوانێکدا گوتی : کاروانی من لەگەڵ تۆپی پێ کۆتایی نەهاتووە و دەگەڕێمەوە یاریکردن چونکە یاریی تۆپی پێ تاکە خۆشیمە لە ژیاندا .

هەروەها زانیتی کە تەمەنی نزیکە لە ٤٠ ساڵیدا دووپاتی کردەوە کە لە دوای ئەم کاروانە دووروردرێژە وابزانێ وەك ئۆتۆمبیلێکی لێهاتووە کە پێویستی بەگۆڕینی تایەکان هەیە و روونیشی کردەوە کە دواتر بەهێزتر دەگەڕێتەوە یاریکرن .

لەلایەکی دیکەوە ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری یانەی یۆڤانتس هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ یاریزان زانیتی دەربڕی و هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ خواست و رایگەیاند خولی ئیتالیا شانازیی بە یاریزانێکی وەك زانیتی دەکات کە چەندین ساڵە تەنها بۆ یانەی ئینتەرمیلان یاری کردووە .



# شاراپۆڤا بووە پاڵەوانی شتوتگارت

کچەیاریزانی شۆخوشەنگی روسی ماریا شاراپۆڤا نازناوی پاڵەوانییەتی شتوتگارتی کراوەی لە یاریی تێنسی سەر زەوی بۆ جاری دووەم لەسـەریەك بەدەسـت هێنا، کەنازناوی ژمارە ٢٩یە لەژیانی وەرزشییدا،لەیاری کۆتایی شاراپۆڤا بەئەنجامی دوو کۆمەڵـەی بێ بەرامبەر لەکچەیاریزانی چینی نالی بردەوە،ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦ * ٤، ٦ * ٢) بوو،یارییەکەش ٩٢ خولەکی خایاند،شاراپۆڤا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد وسەرکەوتنی ژمارە ٩ی بەرامبەر نالی تۆمارکرد لەیاریی ژمارە ١٤ی نێوان هەردوو کچەیاریزان، شاراپۆڤا خەڵاتی یەکەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە ١٣٠هەزار دۆلار لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکیی پۆرشی شـینی ٢٠١٣، لە کاتێکدا کە نالی بڕی ٧٠هەزار دۆلاری وەرگرت . لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠١٢وە تا ئێستا شاراپۆڤا ٢٢ یاری لەسـەر یاریگا لمییەکان ئەنجامداوە و تەنها لەیەك یاری دۆڕاوە و لە ٢١ یاری سەرکەوتنی تۆمارکردووە و پاڵەوانتییەکانی رۆما و شتوتگارت و رۆلان گارۆس لەساڵی ٢٠١٢ و پاڵەوانییەتی شتوتگارتی ٢٠١٣ی بەدەست هێناوە .






## فیستیڤاڵی پەروەردەی گـ

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی وەرزش لە پەروەردەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر،بەڕێوەبەرایەتی چالاکی و دیدەوانی هەولێر بە چاودێریی پارێزگاری هەولێر فیستیڤاڵی ساڵانەی پەروەردەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر بەڕێوەچوو، لەسەر یاریگای کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە شاری هەولێر، بەبەشداریی هەریەك لە پەروەردەکانی (هەولێر، کۆیە، خەبات، چۆمان،مەخموور، مێرگەسۆر،سۆران،رواندز، دەشتی هەولێر،شەقڵاوە) بەڕێوەچوو،لە ڤیستیڤاڵەکەشدا بەئامادەبوونی قایمقامی ناوەندی هەولێر و بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێرو سەرجەم بەڕێوەبەری پەروەردەکانی قەزاکان و ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی وەرزشی بەڕێوەچوو، سەرەتای مەراسیمەکەش بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی باوکی روحیی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمرو وێنەی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرۆك کۆماردەستی پێکرد،دواتر قوتابیانی پەروەردەکان هاتنە نێو یاریگا، داوتریش دە باخچەی ساوایان بە ڕێزەوی جوان هاتنە نێو یاریگاوەو ئینجا تیپەکانی هەر

## قەرەداغ نازناوی وشو کۆنفۆی

**بەمەبەستی زیاترگرنگیدان و خزمەت کردنی زیاتری یاری وشو کۆنفۆ لە شارەکانی کوردستان و بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، یەکێتیی ناوەندیی وشوو کۆنفۆی کوردستان بە هاوکاری لقی هەولێری یەکێتییەکە لە هۆڵی داخراوی قەزای دەشتی هەولێر، بەبەشداریی زیاتر لە ١٥٠ یاریزانی ٢٤ یانەی شارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆماوەی سێ رۆژ پاڵەوانێتیی وشو کۆنفۆی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو بۆئاستی لاوانی یانەکانی کوردستان، کە ئەم ١٥٠ یاریزانە کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتیەکە لە ١١کێشی جیاواز لە کێشی ٤٠کگم بۆ +٩٠کگم،یاریزانانی بەشداربووش لە ماوەی پاڵەوانێتییەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد.**




## ئارارات نازناوی بۆکسێن یـ

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە پاڵەوانێتییەکانی بۆکسێنی دەرەوەی و گرنگیدانی زیاتر بەم یارییە لەسەر ئاستی شاری هەولێر، لقی هەولێری یەکێتیی بۆکسێنی هەولێر پاڵەوانێتیی بۆکسێنی یانەکانی کوردستانی ئەنجامدا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا ٤٠ یاریزانانی هەریەك لە یانەکانی ئارارات و قەڵاو پێشکەوتن و نیشتیمان وپێشمەرگەی هەولێرو برایەتی





## ـــــــشتیی هەولێر بەڕێوەچوو

دە هەڵبــژاردەی پــەروەردەکان یەکە یەکە هاتنــە نێو یاریگا، پاشان قوتابیان نمایشــی تابلۆی سەرزەوییان ئەنجامدا و دواتر یارییەکانی گۆڕەپــان و مەیدان لە نێو قوتابییە یاریزانانەکانی هەڵبژاردەی پەروەردەکان بەڕێوەچوو،لــە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیــدان لە ١٦یاریــی جۆراوجۆر بــوو ئەنجامی کۆتاییش پاڵەوانێتییەکەش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

**ئەنجامی فیستیڤاڵی کوڕان تیپ**

١-پەروەردەی سۆران ٥-٥٧خاڵ

٢-پەروەردەی دەشتی هەولێر٥-٥٧خاڵ

٣-پەروەردەی مەخموور٥-٥٦خاڵ

پاڵەوانی یاریزانــان محەمەد کوڕان ١٦خــاڵ لە پەروەردەی شەقڵاوە

**ئەنجامی فیستیڤاڵی کچان تیپ**

١-پەروەردەی هەولێر٧٢خاڵ

٢-پەروەردەی دەشتی هەولێر٤٤خاڵ

٣-پەروەردەی خەبات ٣٢خاڵ

پاڵەوانــی یاریزانانی گۆڕەپان و مەیدان (تارا شــاکر، تەمارا شاکر،سارە سالار)لە پەروەردەی هەولێر بە کۆکردنەوەی ١٤خاڵ.

## یانەکانی کوردستانی بردەوە

**ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەی خوارەوەبوو.**

**١- یانەی قەرەداغ**

**٢- بەختیاری**

**٣- ڕانیە**

**بڕیاریشە لە مانگی داهاتوودا پاڵەوانێتیی وشو کۆنفۆ بۆئاستی پێشکەوتوان بەڕێوەبچێت.**



## کۆڤان حەسەن میدالیای زێڕی بەدەستهێنا

لــە پاڵەوانێتیی چینــی نێودەوڵەتــی بۆیارییەکانی گۆڕەپــان و مەیدان کــە زیاتر لــە ٤٥ هەڵبژاردەی وڵاتانــی جیهانی بەشــدارییان لــە پاڵەوانێتییەکەدا کــرد کە بۆیاریزانانی خاوەن پێداویســتی تایبەت بوو، هەڵبــژاردەی عێراقیــش یەکێك بوو لــە هەڵبژاردە بەشــداربووەکان،یاریزانی کوردی شاری ئاکری دەلال کۆڤان حەســەن شــان بە شــانی یاریزانانی دیکەی هەڵبژاردەی عێراق بەشداربوو و توانی ئاستێکی بەرز لــە یارییەکانی پاڵەوانێتییەکە بەدەســت بهێنێت و لە یاری هاوێشتنی ڕم توانی پلەی یەکەم و ملوانکەی زێــڕ بەدەســت بهێنێــت، ئەمەش دەســتکەوتێکی دیکەی زێڕین بوو بۆ یاریزان کۆڤان حەســەن کە لە پاڵەوانێتییەکانی ڕابردوو توانیویەتی ئاستی شایستە پێشــکەش بکات، لە بارەی پاڵەوانێتییەکەش کۆڤان حەســەن بە گۆڤاری گوڵانی گوت: ئاســتی ئەم پاڵەوانێتییە زۆر بەرز بوو و چەندین یاریزانی بەتوانا لە ئاستی جیهان بەشــداریان کردبوو لە یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان، ئێمەش شان بە شانی یاریزانانی دیکەی جیهانی توانیم ملوانکەی زێڕو پلەی یەکەم لە هاویشتنی ڕم بەدەســت بهێنم کە دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆخۆم و هەڵبژاردەی عێــراق هەوڵیش دەدەم لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو ئەنجامی شایستەتر پێشکەش بکەم.



## ـــــــانەکانی هەولێری بەدەستهێنا

کێبڕکێیان دەکرد لەســەر بەدەســتهێنانی پلەکانی پێشــەوەی پاڵەوانێتییەکە لە ماوەی دوو ڕۆژی پاڵەوانێتییەکەدا،ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-ئارارت ٣٠خاڵ

٢-نیشتمان ٩خاڵ

٣-قەڵا ٦خاڵ

لە کۆتاییشــدا لەلایــەن ئامادەبووانەوە خــەڵات و دیاری بەخشرایە یاریزان و تیپە سەرکەوتووەکان.